# کەریم سنجاری دەیەوێ دەستی پیسی خۆی بە سەری رۆژنامە نووسان بسرێت

تامان شاکر

ئەڵمانیا

بە زەبیم بە خەڵکی کوردستان و بە تابیەتی خەڵکی هەولێر دێتەوە کە کەسێکی وەك کەریم سنجاری وەزیری ناوەخۆیان بێت،و پارێزگاری لە ژیان و ئاسایشیان بکات.

لەم دواییەدا زۆر لە سەر شاری هەولێر و ئاسایشی هەرێمی کوردستان وترا، بە تایبەتی دوایی گرتنی گروپەکەی شێخ زانا کە بە هۆی مێردمندالێکەوە ئاشکرا بوون، و نەك بە هەوڵ و کۆششی ئاسایشی هەولێر و وەزیری ناوەخۆکەی.کە لە راگەیاندنەکانی پارتی بانگەشەی بۆ دەکرێت.و بە شان و باڵی ئاسایش هەردەڵێن.

لە وەتەی کەریم سنجاری وەزیری ناوەخۆیە کۆمەڵێك تەقینەوە لە هەولێر روویان داوە،وچەندەها کەس بە دەستی گروپە تیرۆریستە نێربازەکانی دراوسێیی وەزیری بەرێز سەربراون.وەك خەڵکی هەولێر باسیان دەکرد کە ماڵەکەی زانا 300 مەترێك لە وەزارەتەکەی کاك کەریمەوە دوور نەبووە. کە ئەو هەموو کوشتن و برینەی تیا کراوە.وەزیری بەرێزیش وەك نەبای دیبی نەباران دەست لە کارەکەی ناکێشتەوەو واز لە کورسیەکەی ناهێنی و دان بە شکست خواردنەکانی خۆی دانانێت.

زانا دۆستێکی نزیکی وەزیری بەرێز بووە و هەموو کاتێك توانیویەتی بیبینێ، ئەندامانی ئەو گروپەش زۆر جار بە ناسنامەی ئاسایشەوە سوڕاونەتەوەو کەس نەی وێراوە قسەیان لەگەل بکات. وە پارەی تایبەتیان بۆ براوەتەوە.دەڵێن مانگانە 45 گەلا بۆ مەسرەفی تەکیەو نێربازیان بووە،خوا هەڵناگرێت کە بووی بە شێخ پلە و پایەت لە خوا نزیك دەبیتەوە دەبێ ئەوەندە پارە پێبێت مەسرەفی خواردن و خواردنەوەو هۆتێل و دەست گەمەکان بدەیت .دەنا ئەگەر پارەت نەبووشێخی راستیش بیت کەس بە شێخت نازانی.

ئەو کاتە من لە هەولێر بووم فۆرمی راپرسیەکان بلاو کرایەوە بێگومان هەموو خەڵك نارەزاییان بەرامبەر وەزارەتی ناوەخۆدەردەبڕی، کە کارەکانی باش نەکردووە ئەم گروپە ئەو هەموو ماوە زۆرە دۆست و باوەرپێکراوی وەزیری ناوەخۆ بوونە، وەزیریش پێی نەزانیوە.منیش یەکێك بووم

لەو کەسانەی  ئەم فۆرمولارەم پڕ کردەوە.دژی وەزارەتەکەی مام کەریم دەنگم دا ئەوە شتێکی ئاساییەو مافی هاولآتیانە ئازاد بن لە دەنگدان.خۆ ئەوەش مەسەلەی هەڵبژاردنەکان نییە بەزۆر خەڵکی کوردیان کردەوە بە عێراقی ئێستا خەریکە ئەم مەسەلەیەش سەری خۆیان دەخوات و شیعە گاڵتەیان پێدەکات.

 ئێستاش وەزیری بەرێز دەیەوی قسەی خێری بۆ بکەین،و بڵێن کاری باشت کردووە ! سەرجەمی کارەکانت چەند تەقینەوەیەك لە هەولێر کە بەسەدان کەس بوونە قوربانی،و بریندار کردنی هەستی خەڵکی هەولێر کە گواییە نێربازی نەریەتێکی کۆنی ئەو شارەیە، پڕکردنی زیندانی محەتە لە خەڵك و هیشتنەوەیان ماوەیەکی دوورو درێژ بەبێ دادگایی کردن، گرتنی رۆژنامە نووسان و خنکاندنی  بیرو ڕای ئازاد.دوا کاری خراپی ئەمڕۆت دەستگیر کردنی سەرنووسەری ڕۆژنامەی میدیاو بەرپرسی نووسینگەی کوردستانە بۆ ڕاپرسیە گشتیەکان.بۆیە دەبێت بزانی، تەمەنی وەزارەتەکەت پڕە لە هەڵەی کوشندەو بەو کارانەت وا دەکەیت خەڵك رێز بۆ حکومەتیش دانەنێت. تۆ کەسێکی نەشیاوی بۆ ئەم وەزارەتە. شەرم نییە مرۆڤ کە کارێکی پێنەکرێت بڵێت من ناتوانم ئەو کارە بکەم، بەلآم شەرم ئەوەیە دوای شکستەکانت تەلەفزیۆن دادەخەیت و ڕۆژنامە نووسان دەگرێت لە بەر ئەوەی خەڵك قسەی باشیان بۆ نەکردویت. لەوە دڵنیا بە خەڵك ئەمرۆ چاوی هەموو شتێك دەبینێت ودونیا وەك گوندێکی بچوکی لێهاتووە. زەمانی شاخ بەسەر چوو کوڕی هەژار و جوتیاری کورد بدەن بە کوشت و دواتر کۆنە جاش و بەعسی بەڕی ڕەنجی شەهید و ئەنفالەکان بخۆن،خەڵك ئەمڕۆ هەموو شتێك دەزانێت باشتر وایەچی زوترە واز لە کورسیە نازدار و چەورەکەت بێنێت،و بۆ خۆت خەریکی ئەو ئارەزووانەت بیت کە خەڵکی هەولێر باسی لێوەدەکەن. سەر لە خەڵکی کوردستانیش مەشێوێنە بەربەستێك مەبە بەرامبەر پرۆسەی دیموکراتی وەکوو دەڵێن بەڕێوەیە.

ئەگەر حکومەتی کوردستان پێی وایە بەگرتنی ڕۆژنامە نووسان و داخستنی بە ساختەی هەندێك دەزگای راگەیاندن پیادەی دیموکراسی و یاسا دەکات پێم وایە بە هەڵە داچووە. ئەمڕۆ گەل ئازادی دەوێت دەیانەوێ ڕۆژنامەکان و رۆژنامە نووسان ئازاد بن، بیرو بۆ چوون ئازاد بێت، نان بەبێ ئازادی نرخی نییە. ئەگەر ئازادی خەڵکی دەبەستنەوە،رێز بۆ بیرو بۆچوونی خەڵك دانانێن،ئەوە بەهاری ژیانی دەسەلآتی ئێوەش ڕووەو پایزە.